# شەونم

هۆنراوەی (77)

دوستان وقت گل آن به که بەعشرت کوشیم

وەختی گوڵ هاتەوە خزمینە وەرن تێکۆشین
بە وتەی ئەهلی دڵان کاتی گەمە ودڵخۆشین
نیە لای کەس کەرەم و وەختی تەرەب تێدەپەڕێ
ئەوەیە چارە کە بەرماڵی بەمەی بفرۆشین
لەو هەوا دڵگرە مەی حازرە بینێرە خودا
نازەنینێکی کە بەسڵامەتی ئەو بینۆشین
ساز و سەمتووری فەلەک رێگری ئەهلی هونەرە
لەو خەمەی بۆچی نەناڵین و چلۆن نەخرۆشین
گوڵ وەجۆش هات و نەماندایە قومێک لەو ئاوە
ئێستە ئەو کردە پەشیمانیە چلۆن داپۆشین
لالە دەفری مەیە دەیخۆینەو ئێمەش بەخەیاڵ
چاوی بەد دوور بێ کەبێ موتریب و مەی سەرخۆشین
حافز ئەو حاڵە گەلێ سەیرە بەکێ حاڵی کەم
بولبولین ئێمە بەڵام فەسڵی گوڵان خامۆشین

حافزی حەقیقی